زنجیرەی دۆسییە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسیی ژمارە (١)

## دۆسیی:

# ئەندەلوس

## لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا





نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

# دۆسێی: ئەندەلوس

## لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا

نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

دۆسێی ژمارە (١)

## پێشەکی

زۆرجار کە زنجیرە وتارێك دەنووسم لەسەر یەك بابەت، خوێنەران داوام لێدەکەن هەمووی بکەمە یەك دۆسێ و بە فایلێکی PDF بڵاویکەمەوە. وەڵامی من ئەوەبوو کە لە کتێبەکانم کۆیان دەکەمەوە بەڵام بۆم دەرکەوت کە کۆکردنەوەی زنجیرە بابەتێکی هاوناوەرۆك لە یەك نامیلکەی ئەلکترۆنی یان کاغەزی ڕەنگە سوودی زیاتر بێت، و ئاسانتریش بێت بۆ ئەو خوێنەرانەی دەیانەوێ ئەو بابەتە لای خۆیان بپارێزن یان چاپی کەن لەسەر پرینتەر، چونکە تا ئێستا چەندین خوێنەر ودۆست روخسەتی پرینتکردنی کتێبەکانیشیان لێ وەرگرتووم و دەڵێن ناتوانین کتێبی ئەلکترۆنی بخوێنینەوە.

بۆیە بڕیارم دا، ئەو بابەتانەی کە زۆرجار هانم دەدەن لەسەریان بنووسم و جێی بایەخی منن وبە گرنگیانم زانیوە، بیانکەمە دۆسێی سەربەخۆ، هەر جارەی دۆسێیەك بڵاوکەمەوە بۆ سوودی گشتی خوێنەرانی کورد.

دۆسێی یەکەمم لێرەدا بە کورتی و بە چڕی باسی سەر بوردەی داگیرکردنی ئەندەلوس و بەرلەوەش باسی چۆنیەتی مامەڵەکردنی عەرەبەکانی سەردەمی دەوڵەتی ئومەوییە لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی باکوری ئەفریقیای ئەمازیغە.

ئەو چەند لاپەڕەی بەردەستت چڕکراوەی دەیان کتێب و سەدان وتارە، ویستم کچان و کوڕانی نیشتیمان سوودی لێ ببینن، ببێتە سەرەتایەك بۆ خۆ ناسین و خەڵك ناسین، تا هیچیتر چەواشە نەکرێین بە بانگەوازی چەواشەکاران لە ژێر پەرەدەی عاتیفی دینیدا.

هیوادارم سوودی هەبێت

محەمەد هەریری

٢٠١٨/١٠/١٧

# تاریقی کوڕی زیاد

**لە فەتحی ئیسپانیا و پورتوگالەوە بۆ سواڵکردن!**

**وابزانم ئەوەی کەمێك لە مێژوو شارەزا بێت، دەبێ ناوی تاریقی کوری زیادی کوڕی عبدالله ی بیستبێت، هەمووومان گوێمان لە ئازایەتی و سووتاندنی کەشتیەکانی بووە پاش پەڕینەوە – دەرکەوتوە ڕاستیش نییە!- ئەو پیاوەی هەموو سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، بە کەسێکی ئەمازیغی یان بەربەری ئەفریقیایی دادەنێن، دیارە هەر زوو باوکی موسڵمان ببوو لەسەردەمی عقبة بن نافع، چونکە ناویشی عەرەبییە، بەڵام خۆی ئەمازیغییە تا ئێستاش عەشیرەتەکەی ناسراوە کە ناوی نەفزەیە..**

**هەر لە منالییەوە خرایە بەر خوێندنی قورئان و زانستە دینییەکان، خۆشەویستی جیهادکردن هانیدا بچێتە ناو سوپا، لەبەر سوارچاکی ڕۆژ بەڕۆژ پایەی گەورەتر دەبوو.**

**کە موسی بن نصیر کرایە والی ئەفریقیا هەر زوو بە ئازایەتی و سوارچاکی و دینداریەکی پڕ حەماسەتی تاریقی زانی، بۆیە هێزێکی گەورەی بۆ کۆکردەوە لە هۆزە ئەمازیغیەکانی زناتە و کتامە و هوارە و هۆزیتر، حەڤدە شیخی عەرەبی دینیشی بەگەل خستن بۆ فێرکردنی دینی ئیسلام!**

تاریقی ئەمازیغی بەکار هێنا بۆ سەرکوتکردنی ئەمازیغەکان کە بەردەوام لە ڕاپەڕین و شۆڕش دابوون لە دژی جەور وستەمی عەرەبەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئومەوی! ئەوەبوو تاریق بێ سەر بوو بۆ سوپای ئومەویەکان تا کەناری زەریای ئەتڵەسی بۆ کنترۆڵ کردن!

**[١]نص لعيبد الله بن صالح ، نشره حسين مؤنس ، في مجلةالدراسات الإسلامية ، ج٢ ص ٢٤٤**

لە ئامادەکاری خوێندنەوەکانم بۆ ئەو وتارە، بۆم دەرکەوت کە قەبارەی ستەمی عەرەبی هەر حالەتی تاک تاکی وەك تاریق بن زیاد ناگرێتەوە، بەڵکو گەورەترین ستەم و رەگەزپەرستی عەرەبی ئومەوی کراوە لە دژی تێکڕای گەلی ئەمازیغی لە وڵاتی خۆیان و لە ئەندەلوس، کە بە شمشێری ئەوان داگیرکرا!

سەیرم بە یەك شت دێت، ئەویش ئەوەیە کە الطبري لە مێژووەکەی وەسفی خەڵکی ئەمازیغ دەکات بە گوێڕایەڵترین و سوڵحاوترین وڵات بۆ خەلافەتی ئومەوی "من أسمع أهل البلدان وأطوعهم" لەگەڵ ئەوەشدا ئەو باشیەی ئەوان تۆزقاڵێك لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و ستەمکارانەی عەرەبی نەگۆڕی لە دژی خەڵکی ئەمازیغ، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە شۆڕشێکی گەورەی ئەمازیغ هەڵگیرسا بە سەرکردایەتی مەیسەرەی مەدغەری لە ١٢٢ — ١٢٥ کۆچی ٧٤٠-٧٤٣ زاینی ، خەڵکەکە هێندە داخ لە دڵ بوون لە شۆڤێنیەتی عەرەبی ئومەوی، شۆڕشەکە هێندە بە تین و گەورە بوو هەموو باکووری ئەفریقیای گرتەوە و پەڕیەوە بۆ ئەندەلوسیش!

موسی بن نصیر، کە سەلەفیەکان دەڵێن تابیعییە! سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن بیرۆکەی داگیرکردنی ئەندەلوسی لە پاشایەکی ئیسپانیا بۆ هات ناوی یولیان بوو، کە واباو بوو هەر پاشایەك کوڕێك یان کچێکی بنێرێتە خزمەت شاهەنشای ئیسپانیا [لەزریك] بۆ خزمەتکردنی، یولیان کچێکی خۆی نارد، لەزریك

دەستدرێژی کردەسەر کچەکە، و کچەکە هەواڵی دایە باوکی، ئەویش نامەی بۆ موسوی کوڕی نەسیرِ نارد بۆ پەڕینەوە و هاوکاریکردنی لە داگیرکردنی ئەندەلوس!

ئەوەش دەیسەلمێنێ کە ستەمی ناوخۆ زۆرجار سەردەکێشێ بۆ خیانەت کردنیش، خەڵکی کوردستان خۆیان باشن دەنا ئەو ستەمەی لێیان دەکرێ لە میللەتیتر کرابا دەستیان بۆ دوژمن درێژ دەکرد! بەڵام جگە لە کەمینەیەکی سیاسی خەڵکەکە زۆر بە ئارام و بەرپرسیارانە هەڵس وکەوت دەکەن.

موسا سەرەتا نەیویست ڕیسک بە خۆیی و عەرەب بکات بپەڕێتەوە بۆ ئیسپانیا، بۆیە تاریقی کوڕی زیاد وسوپایەك لە گەلی ئەمازیغی کردە بالۆنی تاقیکردنەوە، بە دوازدە هەزار سەرباز پەڕینەوە بۆ ئەوبەری دەریا، هەر لەو کاتەوەش ئەو تەنگە دەریاییە نێوان مەغریب و ئیسپانیا ناوی لێنرا بە تەنگەی تاریقی کوڕی زیاد، و ئەو چیایەی کە لە دامێنی گیرسانەوە ناوی لێنرا بە چیای تاریق.

تاریق و سوپاکەی زۆر بە حەماسەت و دڵسۆزیەوە وایان دەزانی جیهاد دەکەن لە پێناو خوا، شار بەدوای شاردا داگیریان دەکردن و دەستیان بەسەر غەنیمەت و موڵکی خەڵکەکە دادەگرت، لەو ڕێگایەدا زۆر کاری نائینسانیشی کرد وەك ابن القوطية ی مێژوو نوس دەگێڕێتەوە:

" تاریق فەرمانی بە سەربازەکانی کرد ئەو دیلانەی دەیانکوژن لەبەرچاوی بەشێکیتری دیلەکان پارچە پارچەیان بکەن و بیانخەنە ناو قازانی چێشت لێنان و دوایی دیلەکانیتر بەردەن، تا ئەوانەی ئازادکراون ئەو هەواڵە بڵاوکەنەوە، بۆیە خوای گەورە دڵەکانی پڕکردن لە ترس و تۆقان"!

[٢]ابن القوطية ، تاريخ افتتاح الأندلس ص ٣٥، المحقق: إبراهيم الإبياري، سنة النشر: ١٤١٠ – ١٩٨٩ دار الكتاب المصري،

تا وای لێهات موسای کوڕی نەسیر بەخیلی پێبرد نەوەك لای خەلیفە پایە وشکۆی گەورە بێت! و گووتی نامەوێ هیچیتر بجولێیت، بەڵام تاریقی کوڕی زیاد لەبەر ئەزموونی سەربازی خۆی، دەیزانی وەستانی دەبێتە هۆی دژەهێرشی بەرامبەر، و دوور نییە توشی شکست بێت، بۆیە گوێی پی نەدا، ئەو شارانە وەك گەڵای پایز لەبەرامبەری دەکەوتن!

ئەوەبوو موسا و بە لەشکرێک لە هەشت هەزار تاڵانچی وپاتاڵچی عەرەب پاش ساڵێك لە داگیرکردنی بە دەستی تاریق و ئەمازیغەکان پەڕیەوە ئەندەلوس! گەیشتنە هەر شارێکی داگیرکراو بە دەستی تاریق و ئەمازیغەکان، ئەوانیان لێی دەرکرد و خەریکی پاتاڵ کۆکردنەوە بوون!

هەموو شارە خۆش وتەختاویەکان و زەوییە کشتوکاڵیەکانیان بۆخۆیان برد و ئەمازیغەکانیان دەرپەڕاند بۆ ناوچە شاخاوییەکان و کردیانن بە پاسەوانی خۆیان!

و وەك پیشەی هەمیشەییان دەستیان بەسەر هەموو تاڵانییەکان داگرت، و کە هەواڵ گەیشتە عەرەبەکان لە پێناو گەیشتنە غەنیمەکان بە کۆمەڵ بەرەو ئەندەلوس دەهاتن، و هێندە برسی و بەرچاو تەنگ بوون، هەتا یاسای غەنیمە بەشکردنی قورئان وسونەتیشیان پەیڕەو نەکرد، و هیچیان نەدایە ئەمازیغەکان، هەرچەندە ئەوان فایحی یان داگیرکەری هەقیقی بوون! هەر هێندەش نا، بەڵکو زۆربەی سەرلشکرە ئەمازیغەکانیان خستە ژێر لێپرسینەوەی توند و ئەشکەنجە و سوکایەتی نەوەك شتێکیان شاردبێتەوە بۆ خۆیان!

موسی کوڕی نەسیرپیش کە گەیشتە تاریقی کوڕی زیاد، هیچ حیسابێکی بۆ ئەو سەرکردە گەورەیە نەکرد کە نیمچە دورگەی ئیبریا [واتە ئیسپانیا و پورتوگال] بۆ دەوڵەتی عەرەبی ئومەوی داگیر کردبوو، پڕ جوێن و تفی کرد و دارکاریەکی باشی کرد و خستیە زیندان!

مێژوو نوسێکی ئیسلامی عەرەب حسين مؤنس لە کتێبی ثورات البربر في افريقيا والأندلس دەڵێ:

عەرەب وەک هاوکوف نەیان دەڕوانیە یەمازیغەکان، عەرەب دەستیان گرتە سەر خێر وبێری ئەندەلوس و هەقی کەسیان لێی نەدا! هەروەها تاکرەوانە حوکمیان گرتە دەست و وڵاتیان هەڵدەسوڕاند، کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی سووکایەتی و خراپ مامەڵەی ئەوەی سکاڵاشی کردبا.

[٣]ثورات البربر في افريقيا والأندلس بين سنتي ١٠٢-١٣٦ هـ / ٧٢١-٧٥٣ م، ص ٥١ -٥٢.

## ٢

مێژوونووس ابن حیان دەڵێت کێشەکەی نێوان موسی و تاریق هەمووی لەسەر غەنیمە و تالان بووە: کاتێ هەواڵی فەتحەکانی تاریق بە موسا دەگەیشت، بەخیلی پێ دەبرد... کە موسا چاوی بە تاریق کەوت، ڕق وقینەی دڵی خۆی نیشان دا، بە قامچی لێیدا، پیی هەڵشاخا لەسەر بە گوێ نەکردنی... داوای لێکرد هەموو غەنیمە و خەزێنەکانی پاشایانی پێ بدات، پەلەی لێکرد بۆ مێزەکەی [مەلیك سولەیمان، مێزێکی شاهانە بوو لە زێڕ و ئەڵماس دروست کرابوو] تاریق بۆی هێنا و پێچکەکی لێکردەوە، ولای خۆی شاردیەوە!"

مێژوونووس جوزیف رینو ئاماژە بۆ هۆکاری هەقیقی ناکۆکی و ڕقی موسی بن نصیر لە طارق ابن زیاد دەکات و دەڵێت:

" موسای کوری نوسەیر دەیویست بەشی شێری غەنیمەتەکان بۆ ئەو بێت، وبەشێکیشی بنێری بۆ بیت المال یان خەزینەی خەلیفە، بەڵام تاریقی کوڕی زیاد دەیویست پێنج یەکی بداتە خەزینەی دەوڵەت و چوار بەشەکەیتر لەسەر سەربازەکان دابەش بکات بە پێی شەرع. ناکۆکیان زۆر گەورە بوو تا هەواڵ گەیشتە خەلیفە وەلیدی کوڕی عبدالملك، کە بانگی کردن بۆ دمشق"

[ ٣]جوزیف رینو ، الفتوحات الإسلامیة ، ص ٤٣.

خۆی لە بەدواداچوونی ڕووداوەکان دەزانیت کە هەموو هەوڵی سوپای دەوڵەتی خەلیفە لە پێناو غەنیمەت بوو، موسا دڵی کرمی کرد لە تاریق نەوەك بە نهێنی بەشێکی زۆری غەنیمەی بردبێت! خەلیفەش دوایی گومان لە موسای کوڕی نەسیر دەکات کە هەموو دەسکەوتەکانی نەدابێتە دەستەوە!

ابن الرقيق ی مێژوونووس دەڵێت: کە ئەندەلوس فەتح کرا موسا بۆ وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی نووسی ئێستا تۆ خاوەنی سەد هەزار سەر کۆیلەی! کە دەکاتە پێنج یەکی غەنیمە! وەلید باوەڕی نەکرد گووتی: وا هەست دەکەم ئەوەش درۆیەك بێت لە درۆکانت!..دوایی چل هەزار سەری کۆیلەی بۆ نارد. لە تەواوی ئیسلامدا کەس گوێی لەو هەموو کۆیلەیەی موسای کوڕی نەسیرِ میری مەغریب نەبوە!

**[٤]ابن كثير ، البداية والنهاية ج٦.**

دەڵێن کە موسای کوڕی نەسیرِ گەڕایەوە و کە چووە ناو دیمەشق بە نازو فیزەوە دەڕۆیشت و دنیای بە دوای خۆیدا هێنابوو. لە دیل و منداڵ و پاشا و کۆیلەی پڕِ نیعمەت، و غەنیمەکانی لەسەر سەد وسی وشەش عەرەبانە هەڵگیرابوو جگە لە وشتر و هێستر کە هەمووی جەوهەرە وزێڕ و خاچی زێڕینەی بە ئەڵماس چێندراوی هەڵگرتبوو.

کاتێ وەلید لەسەر مینبەر دانیشت ڕۆژی هەینی، موسا سی دانە پیاوی هێنایە ژوورەوە کە پۆشاك و تاجی شاهانەیان لەسەر بوو، هێنییانە ناو مزگەوت لە شێوەی شاکان، کاتێ وەلید بینینی حەمد و شوکری خوای کرد. کە ئەوان لە ژێر مینبەر وەستابوون!

**[٥]الذهبي ، تاريخ الإسلام ، ص ٧٧٩ .**

دوزی ڕۆژهەڵاتناس دەڵێت: "سەرکەوتن لە ئەندەلوس بە دەستی بەربەرەکان هاتەدی، موسا و عەرەب هیچیان نەکرد تەنها بەری سەرکەوتنەکەیان بۆخۆیان لێکردەوە"

# کۆتایی موسا و تاریق

وەك چۆن موسا گوومانی لە تاریق دەکرد لەسەر بردنی غەنیمەکان، بەو شێوەیەش خەلیفە سلێمان کە لەپاش چل ڕۆژ لە گەیشتنی موسا وتاریق بە دیمەشق بووە خەلیفە گومانی لە موسا هەبوو کە غەنیمەی بۆ خۆی قوچاندبێتەوە! لەوەش لێیان تورە بوو کاتێ دەهاتن بۆلای خەلیفە وەلید، سلێمان داوای لێکردن خۆیان دواخەن تا وەلید دەمرێ و فەتحی ئەندەلوس بەناوی سلێمان تۆمار بکرێت! وەك چۆن موساش هەموو سەرکەوتنەکانی ئەندەلوسی بەناوی خۆی تۆمارکردبوو!

بەو شێوەیە خەلیفەی دەست و داوێن پاك هەردوو سەرکردەی لابرد لە کارەکانیان، موسا تا مرد چارەنووسی دیار بوو، بەڵام تاریقی کوڕی زیاد سەرەڕای ئەوەی خەلیفە هیچ گومانێکی دەستپیسی دەرهەق بە تاریقی نەبوو، کەچی ئەو سەرکردەیەی هەردوو وڵاتی ئیسپانیا و پورتوگالی داگیرکرد بۆیان وەک خوێی ناو ئاو ون بوو مێژوونووسان دەڵێن لە تاریکی کوژرا لەو هەندێکیش دەڵێن نەخێر نە کوژرا بەڵام قوربانی کوشتنیان کرد، لە جیاتی پاداشکردنی، بێ مووچە وبێ جێ وڕێ بەڕەڵای شاریانکرد، تا مرد بە کولەمەرگی ژیا و بەردەوام دەبینرا سواڵی دەکرد لەبەردەم مزگەوتەکانی دیمەشق!

# شۆڕشەکانی ئەمازیغەکان و

## شەڕی خۆبەخۆیی عەرەبەکان!

شۆڕشی ئەمازیغەکان هەر زوو لە دژی لووتبەرزی و ستەم جیاکاری عەرەب لە دژی بەربەرەکان ڕوویان دا، ئەندەلوس لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە والی ئەفریقیا بوو لەلای ئەویش والی ئەندەلوس دەستنیشان دەکرا ودادەمەزرا، هەروەها باری سیاسی و ئاسایشی ئەفریقیا کاری دەکردە سەر بارودۆخی ئەندەلوس، بۆیە هەر کە بەربەرەکانی ئەندەلوس هەواڵی شۆڕشی بەربەرەکانی

کەسوکاریان لە ئەفریقیا دژی عەرەب بیست، ئەوانیش ڕاپەڕین وەك هاوسۆزیەك و ئەوەشی زیاتر هانیانی دا ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەربەرەکانی مەغریب بوو بەسەر سوپای خەلافەتیی ئومەوی لە دوو شەڕی الاشراف و بقدورە. بە تایبەتیش کە بەربەرەکانی ئەندەلوس خۆشیان زۆر تورە بوون لە عەرەب لەبەر دەستگرتنیان بەسەر خێر وبێری وڵات و حوکم و دەسەڵات.

**ثورات البربر في الاندلس في عصر الامارة الاموية [١٣٨هـ - ٣١٦ هـ] - د. حمدي عبد المنعم محمد حسين، ص ٤.**

**عبدالملك بن قطن والی ئەندەلوس کە زۆری بۆهات هەموو هەڵاتوو و دۆڕاوەکانی عەرەبی بە سەرکردایەتی**

**بلج بن بشر داوەت کرد لە مەغریبەوە بێن بۆ ئەندەلوس بۆ سەرکوتکردنی ئەمازیغەکان. هەرچەندە عبدالملك و بلج یش متمانەیان بە یەك نەبوو، چونکە عبدالملك خەڵکی حیجاز بوو، بلج خەڵکی شام بوو، کاتی خۆی هێرشی دڕندانەی شامییەکانی بۆ سەر مەدینە دیتبوو! بە دەیان شەرت وشروت پەڕینەوە بۆ لێدانی بەربەرەکان! هەر پەڕینەوە هێرشیان کردە سەر بەربەرەکانی ئەو ناوە پێکەوە ئیبادەیان کردن!**

**دوایی هەر دوو هێز پێکەوە چوون بەرەو قورتوبە شەڕێکی گەورەیان کرد لە تولەیتولە دژی ئەمازیغەکان توانیان سەرکەون بەسەریان. بەڵام هێندەی نەبرد ناکۆکی کەوتە نێوان والی ئەندەلوس عبدالملك بن قطن الفهري و بلج بن بشر القشيري، کاتێ والی ئەندەلوس داوای لێکردن بەپێی مەرجەکان هێزەکانی بلج ئەندەلوس بەجێ بهێڵن، گرژی دروست بوو، هێزی شامیەکان کوڕێکی والی یان کوشت، لە ئەکامدا والی ئەندەلوس، بە ناچاری چووە هاوپەیمانێکەوە لەگەڵ بەربەرەکان بۆ لێدانی عەرەبە شامییەکان، و شەڕ هەڵگیرسا والی وبەربەرەکان دۆڕاندیان بەڵام بلج زامدار بوو و دوایی مرد بە زامەکەیەوە.**

**ثعلبة بن سلامة شوێنی گرتەوە و شەڕ دەستی پێکردوە هێندەی نەمابوو هێزی شامیەکان بشکێ، داوای کۆمەکی کرد لە جێگری خۆی لەسەر قورتوبە، ئەویش کۆمەکێکی زۆری بۆ نارد و لە هێرشێکی ناکاودا توانی بەسەر والی و بەربەرەکان سەرکەوێت، هەزار پیاوی لێ دیلکردن و ژن و منداڵیانیشی بە کۆیلەبردن هەرچەندە موسڵمانیش بوون!**

عبدالرحمن بن معاوية لە پاش ڕوخانی دەوڵەتی ئومەوی لە دمشق، توانی ڕزگاربێ لە شمشێری عەباسیەکان و بپەڕێتەوە بۆ ئەندەلوس لە ١٣٨ هـ. و بە کۆمەڵێك شەڕ و جەنگی گەورە لە نێوان هێزەکەی و هێزی عەرەبەکانیتر وەکو هێزی والی یوسف الفهری توانی ببێتە سەرداری هەموو ئەندەلوس. سەرەڕای شۆڕشەکانی بەربەر، هەر عەرەبەکان خۆیان لەناو خۆیان بەپێی کتێبی: الاندلس تاریخ المصور، ی بانگخوازی ئیخوانی و ئیسلامی طارق السویدان ٢٥ شۆڕشی عەرەب لە دژی عەرەب لەو ئەندەلوسە ڕوویداوە!

بەڵام سەیر لەوەدایە د. طارق باسی ڕاپەڕینەکانی ئەمازیغ ناکات کە لە بیست وپێنجیش تێپەڕ دەدات، هێندە بە دڕندانە ئەمازیغەکانیان سەرکووت کردوە، گەیشتووتە ڕادەی لەناوبردنی سەرتاسەری بە ژن ومنداڵەوە! من گومانم نییە ئەگەر ئەو کاتە عەرب کیمیاوی هەبووایە لە بەربەرەکانی دەدا، لە ڕۆشنایی ئەو قەسوەتەی کە باس دەکرێت لە دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئەمازیغەکان!

# ئایا ئەندەلوس

## بەهەشتی ونبوو بوو؟!

نووسەرە ئیسلامی و عروبییەکان زۆر بە حەماسەت و تراژیبار باسی ئەندەلوس دەکەن وەك بە هەشتێکی پڕ لە زانست و لێبوردەیی و مرۆدۆستی! هێندە شانامەی خەیاڵیان هەڵبەستوە لەبارەی ئەندەلوس، سەدەها نەوەی موسڵمانیان پێی چەوشە کردوە، چونکە کە بە وردی دەخوێنیتەوە، دەبینی چ هەڵپەیەکیان بووە بۆ شەڕ و کوشتنی یەک و تاڵانکردنی ئەو وڵاتەپەنجا شەست شۆڕشی ئەمازیغی و خودی عەرەب دژی دەسڵاتی عەرەبی هەڵگیرساوە، جگە لە سەدان ڕاپەڕینی بچووکتر و شەڕی دژی بەرگری کریستیانەکان!

# شێواندنی ئەمازیغەکان

## لە ڕووی ئەدەبی و دینییەوە!

عەرەب شان بە شانی سوکایەتی وبەپلەدوو سەیرکردنی گەلانی ناعەرەبی و ئەمازیغەکان، شەڕێکی فەرهەنگی و دینیشیان لەگەڵ دەکردن وناویان دەزڕاندن!

هەر وەك چۆن لە دەیەها حەدیس و دەقی ئەدەبی ومێژووییدا ناوی کوردیان زڕاندووە وەک بەچکە شەیتان و جن، هەروەها ناوی خەڵکی سودان و ڕەشپێست و خەڵکی کەمئەندامیان زڕاندووە، بە هەمان شێوە ناوی ئەمازیغەکانیان زڕاندووە. ئەو وتنانە و حەدیسانەی بۆ سوکایەتیکردن بە نەتەوەکانیتری

غەیری عەرەب دروست دەکران، لە سەردەمی خۆی وەك مەکینەیەکی ئیعلامی میدیایی کاری خۆیان دەکرد لە دژی ئەو میللەتانە. پاش گەیاندنی ئامانجی خۆی و بڵاوبوونەوەی ئەو بیرۆکە نێگەتیڤانە بەناو تێکڕای عەرەب و موسڵمانان، درەنگانێك موحەدیسێك، فەرمودەناسێك هاتووە وتتویەتی ئەو حەدیسە زەعیفە یا مونکەرە یا مەرفوعە یا مەوزوعە! بەڵام پاش چی؟!

ابن حیان ڕاسپاردە دەکات کە: ئەمازیغەکان یان بەربەرەکان لە نزمترین کاردا دایان مەزرێنن، کەمترین کرێی کاریان پێ بدرێ و لە کارە قورسەکانیان بەکار بهێنن، لە شوێنێکیتر وەسفیان دەکات بە [أمم البرابرة المنكرة] ئومەتی بەربەری [بەمانای درندە و وەحشی] خراپ!

ابن حزم دەڵێت: "کافرەکانی بەربەر خراپترین جۆری کافر بوون، چونکە نە ئەهلی کتێبێك بوون نە هیچ شەرعێکیان هەبوو، - تا ئێستا کێشە نییە! بەڵام بەردەوام دەبێ و دەڵێ- هەورەها موسڵمانەکانیشیان خراپترین و سەرکێشترینیانن"

"إن كفار البربر كانوا أشر كفار، فإنهم ليسوا أهل كتاب ولا ارتباط بشرع، وكذلك مسلموهم شرار المسلمين وأكثرهم عاجلة".

احمد بن محمد المقري مێژوونووس دەڵێت: خەڵکی ئەندەلوس بە ڕق و دژایەتی بەربەرەکان ناسراوبوون، هیچ ئەندەلوسیەکت نەبوو ڕقی لە بەربەر نەبێتەوە و بە پێچەوانەوەش...! (١)

التوظيف السياسي لنظرية البيئة الطبيعية بين ابن خلدون ومونتسكيو، ص ٣٢

یاقوت الحمویش دەڵێ: " بەربەرەکان وشکوبرینگترین خەڵکی خوان و لە هەمووشیان هەڵەشەتر و خێراترینیانن بۆ فتنە و ئاژاوە، گوێڕایەڵترینیشیانن

بۆ بانگخوازی گومڕایی، گوێگرترینیانن بۆ نەزانی، و چیاکانیان قەت بێ ئاژاوە و خوێن ڕشتن نەبوون"!

"والبربر أجفى خلق الله وأكثرهم طيشا وأسرعهم إلى الفتنة وأطوعهم لداعية الضلالة وأصغاهم لنمق الجهالة، ولم تخل جبالهم من الفتن وسفك الدماء قط"(٢)

[٢]ابن عبد الحكم ، فتوح افريقية والأندلس ، ص ١٦.

ئەمازیغ تەشریبی پێغەمبەران دەخۆن!

هەتا حەدیسگەلێکی پێغەمبەریشیان لە دژدا دروست کردن وەک چۆن لەگەڵ کورد و سودانی و کەمئەندامیش کردوویانە: گوایە ئەنەس بە یاوەری بەربەریەك چۆتە لای پێغەمبەر، پێغەمبەر دەپرسێ: ئەی ئەنەس ڕەگەزی ئەو کوڕە چییە؟ گووتم: بەربەریە ئەو پەیامبەری خوا، گووتی: ئەی ئەنەس بیفرۆشە بە دینارێکیش بێ، گووتم بۆ ئەی پەیامبەری خوا؟ گووتی: ئەوانە ئومەتیکن خودا پێغەمبەرێکی بۆ ناردن کوشتیان و کوڵاندیان و گۆشتەکەیان خوارد، شۆرباکەشیان بۆ ژنان نارد بەڵام دەمیان لێنەدا! خوداش گووتی: قەت نابێ پێغەمبەرێکتان تیادا دروست کەم بۆتانی بنێرم!

"جئت إلى النبي (ص)، ومعي وصيف بربري، فقال: يا أنس ما جنس هذا الغلام؟ فقلت: بربري يا رسول الله، فقال: يا أنس بعه ولو بدينار، فقلت له: ولم يا رسول الله؟ قال: إنهم أمة بعث الله إليهم نبيا فذبحوه وطبخوه وأكلوا لحمه، وبعثوا من المرق إلى النساء فلم يتحسوه، فقال الله: لا اتخذت منكم نبيا ولا بعثت فيكم رسولا"[٣].

[٣]المقري ، نفح الطيب ج١ ص ٢٦١.

لە حەدیسێکیتر دەڵێت: بەربەرەکان باوەڕیان لە گەروویان تێپەڕنادا! "إن البربر لا يجاوز إيمانهم تراقيهم"(٤)

[ ٤]جوزيف رينو ، الفتوحات الإسلامية ، ص ٤٣.

نقلا عن:التاريخ الأسود للأمويين الدمويين بالأندلس: من الفتح الأمازيغي إلى الإرهاب العربي، القجيري محمد

هەر لە حەدیسەکی کۆمیدیترد دەڵێت:

پێغەمبەر گووتوویەتی: ئاگاداری بەربوڕی بەربەر بن، ئاگاداری بەربوڕی بەربەر بن، ئاگاداری بەربوڕی بەربەر بن..

[بەربوڕ نازانم مانای چییە لەوانەیە دەعبایەك بی وەکی گەڕگووڕی!]

هێندە باسی بەربوڕی بۆ کردین وامانزانی لە قەراگ مەدینەیە.

پێغەمبەر گووتی: هیچ پێغەمبەر نەهاتووە کە قەومەکەی ئاگادار نەکردبێتەوە لە بەربوڕی بەربەر!

گووتمان ئەی پێغەمبەری خوا بەربوڕی بەربەر چییە؟!

پێغەمبەر گووتی: پیاوێکە بە سێ یان پێنج یان حەوت ناوەوە دێت، هەموویان خۆیەتی، بە یەکیان دردەچێ و بە یەکێکیتریان دێتەوە ناوەوە، سووکایەتی بە قەومی من دەکات و هەر خراپەدەکات بۆ کوێ بڕوا! هەر ئەوەش بوو بەڕبور کە پێگەمبەران هەمووی قەومەکانیان لێ ئاگادارکردیتەوە!

**دەڵێی باسی تەزویرچییەکی دەکات کە شەش حەوت پاسپۆرت وناوی هەبێ بە ناوێك داخیل بێتە وڵاتێك و بەناوێکیتر بچێتە دەرەوە! گۆتم داخوا بەڕبوڕ چ گەڕگوڕێکە!**

**قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : " ألا فاحذروا بربور البربر، ألا فاحذروا بربور البربر، ألا فاحذروا بربور البربر "فما زال بنا يحدثنا عنه ، حتى ظنناه على أعتاب المدينة .قال رسول الله صلى الله عليه وسلم " ما من نبي إلا وحذر أمته بربور البربر" .فقلنا يا رسول الله : ما بربور البربر؟ قال رسول الله " رجل يأتي في ثلاثة أو خمسة أو سبعة أسماء، كلهنّ هو، يخرج بواحد ويدخل بالآخر ، يحقر قومي ويدفع بالسوء حيثما ذهب."**

**دەیان حەدیسیتری تورەهاتر، کە بوار نادات هەمووی باسکەین!**

# شۆڕشە

## گەورەکانی بەربەرەکان

یەکەم شۆڕشی گەورەی بەربەرەکان شۆڕشی سلێمانی [ عەرەبەکان بۆ ناوزڕاندن ناوی دەنێن بە شەقیای] کوڕی عبدالواحیدی بەربەری بوو لە خۆرهەڵاتی باکووری ئەندەلوس سالی ١٥١ هـ. هێندە ستەمی ئەمەویەکانیان دیبوو خۆی بە فاتیمی و ئەهلی بەیت بە خەڵك دەناساند. ئەو شۆڕشە هێندە بەهێزبوو چەندین جار سوپای ئومەوی و پاشای ئەندەلوسی عبدالرحمن الداخلی ئومەوی شکاند. ئەو شۆڕشە ١٠ساڵی خایاند، دوایی بە فێڵ وتەڵەکەبازی والی ئومەوی توانی لە ڕێگای خیانەتەوە.

پاش تێکشکاندنی ئەو شار و ئاوەدانیانەی یارمەتی دابوون، کوشتارێکی گشتی وای تێدا کرا دەیان هەزار کوژران!

ئینجا عەباسیەکان ویستیان ئەندەلوس بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان وەك چۆن لە خۆر هەڵات ئومەویەکانیان شکاند و ئەمەویەکانی لێ دەرکەن، کەسێکیان بۆ هەڵکەوت بە ناوی عبدالرحمن بن حبیب الصقلبي، بەربەرەکان لە ڕقی ستەمی ئومەویەکان زۆربەیان چوونە ڕیز ئەو سەرکردەیەی عەباسیەکان پاش شەڕوشۆڕێکی زۆر عبدالرحمن یش بە خیاننەت وپارە کوژرا بۆ ئومەویەکان!

لەو ماوەیە چەندین شۆڕشی بەربەری هەڵگیرسا وەك شۆڕشی ابراهیم بن شجرة البرنسي  ساڵی ١٦٢ هـ. ئەویش کوژرا!

ئینجا شۆڕشی بحرة بن البرانس لە هەمان ساڵدا.

شۆڕشی بەربەرەکانی تاکرنا لە ساڵی ١٧٨ هـ لە دژی جەور و ستەمی عەرەبی ئومەوی. پاش شکاندنی شۆڕشەکەیان ناوچەی تاکرنا تەفروتونا کرا تا حەوت ساڵیش کەس لێی نەژی!

شۆڕشی اصبغ بن عبدالله بن وانسوس لە ساڵی ١٩٠ کە حەوت ساڵی خایاند!

شۆڕشی بەربەرەکانی ناوچەی مۆرۆ لە ٢٠٠ هـ. کە سەرچاوە عەرەبیەکان دەڵێن خەواریجێك هەڵیگیرساندوە ناویشی ناهێنن!

شۆڕشی خەڵکی ماردا  لە ساڵی ٢١٣ هـ بۆ دووەم جار! کە محمود عبدالجبار، سەرکردەی شۆڕشەکە هێندە دژی ئومەویەکان بوو، بە ناچاری پەنای بۆ شا ئەلفونسۆی ئیسپانی برد و بە پاڵپشتی ئەو پێنج ساڵ شەڕی لە دژی ئومەویەکان دەکرد!

خەڵکی تاکارنا دیسان شۆڕشیان کرد بۆ دووەم جار لە ٢١١ هـ. بۆ جاری سێیەمیش لە ٢٣٥ بە توندترین شێوە سەرکوت دەکران، بەڵام ئەو شارە قەت نەیدەتوانی لەگەڵ حوکمێ ئومەوی هەڵبکات!

شۆڕشی دوورگەی سەوز  ساڵی ٢٣٦ هـ بە ڕابەرایەتی حبيب البرنسي
شۆڕشی بەربەر لە توڵەیتوڵە  ساڵی ٢٣٨ هـ
شۆڕشی ابن یامینی البربري  ساڵی ٢٥٩ هـ بە لە چیاکانی ئەلبرانس
شۆڕشی موسی بن ذو النون الهواري  ساڵی ٢٥٨ هـ بە ڕابەرایەتی موسی.
شۆڕشی محمد بن تاجمیت ساڵی ٢٦٠ هـ

بەژداری بەربەر لە شۆڕشی ئشبيلية. لەو شارە دوو بەرە دروست ببوون هەندێ بەربەر و عەرەب ببوونە بەرەیەك، هەندێکیتر بەربەر و عەرەب ببوونە بەرەیەکیتر، شار وێران ببوو بەو شەڕە. زۆربەی شارەکانی ئەندەلوس دەیان جار شۆڕشی تێدا دەکرا وهێرشی دەبردرا سەر، ودەکەوتە دەستی ئەم وئەو، هەرجارەی ڕوبارێك خوێن و تاڵان وسووتان ڕوویاندەدا، کەچی نووسەرە ئیسلامییە عروبییەکان دەیانەوێ وەك بەهەشت لە ئەندەلوس بڕوانین!

شۆڕشی زعال بن يعيش بن فرانک النفزاوي

شۆڕشی محمد بن عبدالكريم بن الياس

شۆڕشی عمر بن مضم الهترولي

شۆڕشی خليل و سعد دوو کوڕی مهلب

شۆڕشی ابن يامين و ابن ماجول

شۆڕشی بنو الخليع *

* ئەو زانیاریانە دەربارەی شۆڕشەکان لە کتێبی: ثورات البربر في الاندلس في عصر الامارة الاموية [١٣٨هـ - ٣١٦ هـ] - د. حمدي عبد المنعم محمد حسين، ص ١٨ بۆ ٨٧ وەرگیراوە.

# ئەفسانەی لێبوردەیی

## عەرەب لە ئەندەلوس!

ئەوە تەنها باسی شۆڕشە گەورەکانە، وسەدان ڕاپەڕین لێرە ولەوێ ڕوویداوە، ئەو ئەندەلوسە بەردەوام لەناو شەڕی خۆبەخۆی عەرەبی قەیس و عەرەبی یەمانی بوو، سەرەڕای ئەو هەموو شۆڕشانەی ئەمازیغەکان، یانی بێ ڕەوشتی و بێ ویژدانی ئومەوی و عمومی عەرەب گەیشتۆتە ڕادەی ئیبادەی سەرتاسەری دەیان شار و شارۆچکە پاش شکستی شۆڕشەکانیان.

عەرەب هەر ژن ومنداڵی بەربەرەکانی بە کۆیلە نەبردوە، بەڵکو لە کاتی ناکۆکیەکانیان لەسەر دەسەڵات و تاڵان لە ئەندەلوس ژن و منداڵی یەکتریشیان بە کۆیلە بردوە چەندین جار! جا تۆ وەرە بیهێنە بەرچاوت ئەگەر ئەوە مامەڵەی عەرەب بۆ عەرەب بێ، و عەرەب بۆ بەربەرە موسڵمانەکان وا پڕ قەسوەت و هەتککردن بێت، دەبێت لەگەڵ خەڵکی کریستیانی ئیسپان و پورتوگال و فەرەنسا و ئیتاڵیا چۆن جوڵابنەوە؟!

ئەوە ئەو ئەندەلوسەیە کە نووسەرە مێژوونووسە ئیسلامی و عروبیەکان لە خەیاڵی خۆیان وێنەیەکی عاتیفیان بۆی کێشاوە، شەرم ناکەن بە کۆڵێ شەهادەی دکتۆرای ئەوروپاوە خەڵك چەواشە دەکەن، لە جیاتی پەنجە بخەنە سەر برینەکان!

دکتۆرێکی تایبەت بە مێژوو، کە دکتۆراکەی لە بەریتانیا لە ئۆکسفۆرد وەرگرتوە، دکتۆر عبدالرحمن علي الحجي، لە مەلایەکی مینبەر عاتیفیتر کتێبێکی بە عەرەبی نووسیوە تیایدا هاتووە:

هەرچەندە گێڕانەوەکان باسی پیاوچاکی شا لەزریق [مەبەستیان رۆدریگۆیە]، هەروەها پاشای پێشووی ئیسپانیاش غیتشە دەکەن، زانراوە کە ڕۆدریگۆ شا فەرمانڕەوایەکی ئازا و شەڕکەرێکی بەهێز و سەرکردەیەکی بە ئە زموون بوو، ناوبانگی زۆر بڵاوببوەوە لە مەسیحیەت، بەڵام لێکۆڵەر بە ئاسانی دەبینێ ئەوە دەسەڵاتە و غەیری ئەویش ناتوانێ بوەستێ بەرامبەر کەسانێك دڵسۆز بوون بۆ عەقیدە بەرزەکەیان و بەجۆش وخرۆش بوون بۆی، نە لە کەس دەترسن و ئامادەی هەموو قوربانیدانێکن بۆی.

ئەوانەش سوپای ئیسلام و سەرکردەکانیەتی کە چوون بۆ فەتحی ئەندەلوس، مێژووی ئیسلامیش پێش وپاش فەتحکردن، پڕە لە پڕشنگدارترین و سپیترین وپاکترین لاپەڕە و دروەوشاوەتریانیش"

هەر ئەو پیاوە دەڵێت موسڵمانەکان چوونە ئیسپانیا بۆ ڕزگارکردنیان لە ستەمی ئەو لەزریقە گێرمانییە!

دەربارەی جیهادیش دەڵێ:

پەلهاوێشتنی ئیسلام جوڵانەوەیەک نەبوو بۆ داگیرکردن و غەنیمە و کۆنترۆلی سیاسی، ئیسلام جیاوازە لە بنچینە و ئامانج و لۆژیك و بۆچوون و شێواز ومەبەست لەگەڵ ئەوانیتر، بەڵکو ئەو کاروانێکی بانگەوازی ڕوناکدارە وجیهادێکی بەردەوامە بە ئاسۆیی و بە قوڵایی.

بانگەوازێکە هەموو زەوی مەیدانیەتی، هەموو مرۆڤایەتی بابەتیەتی، بانگیان دەکات بە حیکمەت و وەعزی چاك، بە ئازادی ڕووی تێدەکەن بە کۆمەڵ دەچنە ناو دینەکە تا ببنە ئەندامێکی دینەکە، تا کار بکەن لە ژێر ئاڵای موجاهیدەکان بۆ بڵاوکردنەوەی شەریعەتەکەی [و قاتلوهم حتى لا تكون فتنة و يكون الدين كله لله]

**التاريخ الاندلسي من الفتح الاسلامي حتى سقوط غرناطة ٩٢- ٨٩٧ هـ، ص١٧٢، د. عبدالرحمن علي الحجي.**

لەلایەك دەڵێ بانگخوازیابن دەکەین بە حیکمەت و مەوعیزەی چاك، دوایی دەڵێ: [و قاتلوهم حتى لا تكون فتنة و يكون الدين كله لله]!!! ئەوانە خاوەن شەهادەکانی موسڵمانانن بۆیە وەزعی موسڵمانان وا خراپ بۆ خراپتر دەڕوات هێندەی سەریان پڕکەن لەو ئەوهام و خوڕافەت و عەنتەریاتە کۆنە!

ئەوە ئەو ئەندەلوسەیە کە بانگخوازە ئیسلامییە چەواشەکارەکان تەنها ڕوێکی ماکیاژکراوی نیشانی ئێمە دەدەن و دوعا ونزا دەکەن خودا ئەندەلوس بگەڕێنێتەوە ژێر دەستی موسڵمانان! من لە مێژووی هیچ داگیرکەرانێکم نەدیوە وا شانازی بە داگیرکردن بکەن و بیکەن بە دین! ئەگەر داوای لێبوردنیش ناکەیت بۆ قوربانیەکان، هەر نەبێ شیعر وشانامە بۆ داگیرکردنەکەت مەڵێ! هەرنەبێ نەوەی نوێت هان مەدە بیر لە خەونی داگیرکردنەوەی بکەن!

د. طارق السويدان بە نمونە لە کتێبی الاندلس التاريخ المصور وا کتێبەکە پێشکەش دەکات:

**پێشکەشە**

**بە هەر دڵۆپە فرمێسکێک لە خەمی ئەندەلوسدا ڕژاوە...**

**بە هەموو زامێك موسڵمانان دوچاری هاتوون لەسەر خاکی ئەندەلوسی غەمبار...**

**بە هەموو یادگاری و مێژووی پڕشنگدارمان لە ئەندەلوسی شکۆمەندا...**

**بە هەموو ئەوانەی کاردەکەن بۆ گەڕاندنەوەی شکۆمەندیمان و هەڵسانەوەی ئومەتەکەمان....**

کابرا وادەزانێت نمونەیەکی زۆر جوان و مەزنی پێشکەش کردوە دەیەوێ ئەندەلوس جارێکیتر بگەڕێتەوە باوەشی شەڕ وشۆڕ وئاژاوە و ڕەگەزپەرستی جاهیلی عەرەب!

هەر ئەو بانگخوازە چەواشەکارە دەرهەق بەو هەموو شەڕوشۆڕە ناوخۆییەی نێوان عەرەبی قەیس ویەمانی و شەڕ و هەتک کردنی دژی ئەمازیغەکان، سەرەڕای ئەو قەسوەتەی کە هەیانبوو دژی دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو وڵاتە دەڵێت:

کۆتاییەکی تراژیدی جوانترین چیرۆکی مێژوو... چیرۆکی فەتح و ڕوناکی و شارستانی... چیرۆکێك نەبوو لە تەونی خەیاڵدا دروست کرابێت یان لە وەهمی مێژوونووسەکان، بەڵکو ڕووداوگەلێك بوون دەدروەشایەوە بە ڕووناکی ئیسلام...

چیرۆکێ قارەمانەکانی فریشتە بوون وەك پیاو یان پیاوبوون وەك فریشتە... بە ڕووناکی و هیدایەت دەستی پێکرد و بە جیاوازی و خیانەت کۆتایی هات!

باوەڕناکەم ئەوە جوانترین مێژوو بێت بەو هەموو کارەساتەوە، کێ باوەڕدەکات ئەو داگیرکەرانە فریشتە بووبن لە جەستەی پیاو؟! چیرۆکی ئەو داگیرکارییە

بە تاڵان و تەماعی دەستی پێکرد و ڕاستە بە خیانەت و ناکۆکی نێوان خودی عەرەب و موسڵمانەکان کۆتایی هات، تا ڕادەی ئەوەی هەندێ مەملەکەتی ئیسلامی وەك غەرناتە لەگەڵ مەسیحیەکان هاوپەیمان بوو بۆ لێدانی مەوسڵمانەکانیتر!

ئەوەش دەیسەلمێنێ نەك فریشتە نەبوون بەڵکو شەیتانێکی تەماعخواز بوون لە بەرگی فریشتەدا لەلای چەواشەکارانی بازرگانانی دین!

طارق السویدان چەواشەکاریەکەی دەگاتە ئەوپەڕی، کاتێ دەیەوێت داگیرکردنی عەرەبی لە بەرگێکی ئاوریشمی نیشان بدات، دەڵێت پاش ڕووخانی ئەندەلوس، دادگاکانی پشکنین بە کارەکانی لاپەرەکانی مێژووی ئیسپانیای ڕەشکرد لەماوەی سێ سەدە لە ستەم و دەمارگرژی کوێرانە، دژی ئەوانەی بۆ هەموو جیهان باش بوون و لەنێو ئەوانیش مەسیحیەکان لە ئەندەلوس، موسڵمانان یەك مەسیحیان بە زۆر نەکردە موسڵمان، کەسیان قەدەغە نەکردوە لە پەرستشکارییەکانیان، یەك کەنیسەیان نەسووتاند، یەك ئینجیلیان نە دڕاند... ئێمە چۆن بووین لە مامەلەکردنیان و ئەوان چۆن بوون؟!

نووسەرێکیتری عەرەبی [ اسماعیل الامین] دەکرێ ناوی بنێن بە شاهەنشای چەواشەکاران کاتێ کتێبێك دەنووسێ بە ناونیشانی: العرب لم یغزوا الاندلس! عەرەب ئەندەلوسیان داگیرنەکردوە! ئەو دەبەنگە دەڵێ حەزارەتی مەزنی ئیسلام لە ئەندەلوس بە هێز و شمشێر دانەمەزرا، بەڵکو بە داگیرکردنی دڵەکانی خەڵکی ئیسپانیا بوو!

سوپایەکی عەرەبی دەستیان لە کچی جوانی بەربەر نەپاراستووە پاش موسڵمانبوونیشیان، ابن الاثیر لە الکامل في التاریخ بەشی٢ ل ٤٨٦-٤٨٧ دەڵێت کە وەفدێك لە بەربەر بە سەرۆکایەتی میسرة چوونە لای خەلیفە هیشامی کوڕی

عبدالملك هەر ڕێگایان نەدان خەلیفەش ببینن هێندە چاوەڕوانی دیتنیان کرد خەلیفە خۆی نیشان نەدان، تا پارەیان لێبڕا لەو دوورەوەش هاتبوون! شۆظێنیەت ببینە تا ئەو سنوورە!

ئینجا شکاتیان بە نووسین وبەدەم جێهێشت لای پیاوانی خەلیفە دەڵێن: کە سەرکردە عەرەبەکان شەڕمان پێدەکەن کە تاڵانمان دەست دەکەوێ بەشی ئێمە نادەن دەڵێ ئەوە چاکترە بۆ دڵسۆزیتان بۆ جیهاد! کە شارێك گەمارۆ دەدەین، ئێمەی بەربەر دەخاتە پێشەوە و عەرەبەکان دواوە و دەڵی بەوە پاداشت وئەجرتان لای خوا زیاد دەکات...تا دەڵێن: ئینجا هەر کچێکی جوانی ئێمەیان دەسکەوێ بۆخۆیان دەیبەن!

عەرەب وای کردبێت لەگەڵ موسڵمانانی بەربەر ئەو هەموو ستەمانەیان لێکردبن، دەبێ ئەو فریشتانە چیان کردبێ لەگەڵ خەڵکی نەسڕانی یان کریستیان؟!

هەر دەربارەی داگیرکردنی ئەندەلوس ابن الاثیر چەند هەواڵێك دەگوازێتەوە، دەزانی چیان کردوە لەوێ:

پەیامبەری خەلیفە گەیشتە لای موسی ابن نصیر داوای لێدەکات بگەڕێتەوە بۆ لای، موسا پێی ناخۆش بوو و دەسی دەسی بە پەیامهێنەرەکە دەکرد وبەردەوام بوو لە چوونە ناو وڵاتی دوژمن بە کوشتن و کۆیلەکردن و ڕوخاندنی کڵێساکان و شکاندنی زەنگەکانیان.

ئینجا دەڵێ موسی کە گەڕایەوە بەرەو دیمەشق عبدالعزیزی کوڕی کردە جێگری خۆی لە ئەندلوس و ئینجا کە پەڕیەوە کوڕێکیتری بە ناوی عبدالملك کردە والی سەبتە وتەنجە و دەوروبەری، کوڕێکیتری بەناوی عبدالله وەك جێنشینی خۆی بەسەر ئەفریقیا جێهێشت، ئینجا لەگەڕانەوەی بەرەو شام ئەو پارە و

گەنجینەیەی وەك غەنیمە دەست کەوتبوو لەگەڵ مێزێکی زێڕین و سی هەزار [٣٠٠٠٠] کچ لە کچانی پاشاکانی قوتیەکان و پیاوەکانیان لەگەڵ خۆیدا بردنیەوە!

الكامل في التاريخ الجزء الرابع، ل ٢٧٠

دار الكتب العلمية بيروت – لبنان

هەر لەپاش ئەو کوشتن وبڕینە باسی غەزوەی دورگەی سەردینیا [ذكر غزوة جزيرة سردانية] دەکات و دەڵێت زوو زوو موجاهیدان بەسەر ئەو جەزیرەیان دادەدا و ماڵیان تاڵان دەکردن و ژن و منداڵیان بە کۆیلە دەبردن، دەڵێ لە ساڵی ٤٠٦ گیجری مجاهید العامری هەڵیکوتایە سەر ئەو دورگەیە لە سەد وبیست مەرکەبدا و فەتحی کرد و کوشتارێکی زۆری لێکردن و ژن و مناڵانیانی سەبیکرد واتە بە کۆیلەی کردن... ل ٢٧٢

ئەوەیە تەساموح و فریشتە لە جەستەی پیاو!؟ خەڵك وەك مەڕوماڵات بەرن بە دیاری بۆ دیوانی خەلیفەی عەرەبی برسی و هیچ نەدیتوو!؟ ئەو مێژووە ئەگەر هی کوردیش با تف و نەفرەتمان لێدەکرد، نەك عەرەب لە ژێر پەردەی دینی ئەو هەموو تاوانە بکەن، بشلێن ئێمە لە ئەندەلوس ئەزیەتی چۆلەکەیەکیشمان نەداوە و موجاهیدانمان پیاو بوون لە جەستەی فریشتە، یان فریشتە لە جەستەی پیاو!

ڕاستیەکەی هێندە بەرزەفرانە باسی تەساموحی ئیسلامی دەکرێت لە ئەندەلوس، زۆرجار خەڵك واتێدەگات باسی ڕژێمێکی سێکیولاری دیموکراتی ئەو سەردەمەی ئێستا دەکرێت!

ڕاستیەکەی ئیسلام کە لە لوتکەی شارستانیەتی خۆی بوو، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی مەسیحی ئەو کاتە لێبوردەتر بوون، بەڵام وەك بیرنارد لویس دەڵێت: وەزعی نا موسڵمانان لە ئیسپانیای ئیسلامی جۆرێك بووو لە هاوڵاتی پلە دوو [بەڕای من پلە چوار بوو، چونکە عەرەب پلە یەك بوو، ئینجا بەربەر دوو،

ئینجا لە دایکبووەکان المولدون، کە ئیسپانی بوون ببوونە موسڵمان پلە سێ، ئینجا مەسیحی و جوو پلە چوار] هاوڵاتی پلە دووش، هەتا پلە دووش بێت، بەڵام جۆرێکە لە هاوڵاتیبوون، چەند مافێك بەخۆوە دەگرێ، هەموو مافێکیش نا، ئەوەش بێگومان باشترە لە نەبوونی هیچ هەقێك... پایە و دۆخێکی دانپیاهێنراو هەتا نزمتریش بێت لە پایەی چینی زاڵ، بەڵام لەلایەن یاسا و نەرێت و خەڵك دانی پێدا هێنرا بێت، ناکرێ بە کەم لیی بڕوانرێت."

# Bernard Lewis, The Jews of Islam, 1984

ببرنارد لویس زۆر بلیمەتانە هەڵوستی موسڵمانی لە غەیرە دینان دیاری کردوە و دەڵێت: بە پێچەوانەی دژایەتی دژە سامیەتی مەسیحی، هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر نا موسڵمانان ڕق یان ترس یان ئێرەیی پێ بردن نییە، بەڵکو تەنها بە سووك ڕوانینە دینەکانی ترە.

نمونەیەك لەو سووک بۆ ڕوانینە لە ئەحکامەکانی سەدەی دوازدە هاتووە:

نابێت موسڵمان شێلان یان مەساج بۆ جوو و مەسیحی بکات، یان پیسایی و زبڵیان فڕێ بدات، و ئاودەستیان پاك کاتەوە. جوو و کریستیانەکان گونجاوترن بۆ ئەو کارانە، چونکە ئەو کارانە هی کەسانی حەقیر و بێ ئەرزشن!

A Muslim must not massage a Jew or a Christian nor throw away his refuse nor clean his latrines. The Jew and the Christian are better fitted for such trades, since they are the trades of those who are vile.

.سەرەڕای ئەو لێبوردەییەی باس دەکرێ.مەسیحی و جوو هەر وەك ئەهلی زیمە مامەڵە دەکران، ڕاستە زیمی کۆیلە نییە بەڵام لە نێوان کۆیلە و ئازادی دایە، چونکە دەیەها بەربەست و کۆت وبەندیان لەسەر بوو وەك:

کۆت وبەندی تایبەت بە جل و بەرگ، دەبوایە جل وبەرگیان نیشانەی ناموسڵمان بوونی پێوەبا.

کۆت وبەندی تایبەت بە دروستکردنی پەرستگاکانیان

بۆیان نەبوو چەك هەڵگرن..

بۆیان نەبوو ماڵەکانیان بەرزتر بێت لە ماڵی موسڵمانان!

بۆیان نەبوو بەندەیەکی موسڵمانیان هەبا! یانی لە بەندی موسڵمانیش نزمتر بوون!

بۆیان نەبوو شایەدی بدەن لە دادگا!

بۆ هەمان زیان و زەرەر زیمیەکان لە موسڵمان کەمتر قەرەبوویان وەردەگرتەوە!


ئەوە لێبوردەیی ئیسلام و موسسڵمانان بوو بۆ نا موسڵمانەکان بەو هەموو کۆت و بەندەوە، لە کاتێکدا موسڵمانان وەك لە مێژوو و نووسین و وتاریان دەڵێن لە لوتکەی شارستانیەت بوون! وەرە ئەو مافانەی موسڵمانان و هەموو خاوەن دینەکانیتر و بیروڕا جیاوازەکان لە شارستانیەتی خۆرئاوا ببینە، و بەراورد بکە پێیان، دەزانیت ئاستی مافەکان لە ئیسلامستان و ئەندەلوس بۆ ناموسڵمانان، بەڵکو هەندێ جار بۆ موسڵمانی ناعەرەبیش چەندە نزم بوون.

٢٠١٨/١٠/١٦

| ز | بابـەتـــەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | تاریقی کوڕی زیاد لە فەتحی ئیسپانیا و پورتوگالەوە بۆ سواڵکردن! | ٤ |
| ٣ | کۆتایی موسا و تاریق | ١١ |
| ٤ | شۆڕشەکانی ئەمازیغەکان و شەڕی خۆبەخۆیی عەرەبەکان! | ١٢ |
| ٥ | ئایا ئەندەلوس بەهەشتی ونبوو بوو؟ | ١٥ |
| ٦ | شێواندنی ئەمازیغەکان لە ڕووی ئەدەبی و دینییەوە! | ١٥ |
| ٧ | شۆڕشە گەورەکانی بەربەرەکان | ٢٠ |
| ٨ | ئەفسانەی لێبوردەیی عەرەب لە ئەندەلوس! | ٢٢ |

# A Series of Cultural
## & Intellectual Dossiers
## Dossier of:
## Andalus Between Occupation & Tolerance

Written by:
Mohammed Hariri





لەسەر داواكاری خوێنەران بڕیارم دا، ئەو بابەتانەی كە زۆرجار هانم دەدەن لەسەریان بنووسم و جێی بایەخی منن وبە گرنگیانم زانیوە، بیانكەمە دۆسێی سەربەخۆ، هەر جارەی دۆسێیەك بڵاوكەمەوە بۆ سوودی گشتی خوێنەرانی كورد.

دۆسێی یەكەمم لێرەدا بە كورتی و بە چڕی باسی سەر بوردەی داگیركردنی ئەندەلوس و بەرلەوەش باسی چۆنیەتی مامەڵەكردنی عەرەبەكانی سەردەمی دەوڵەتی ئومەوییە لەگەڵ خەڵكی ڕەسەنی باكوری ئەفریقیای ئەمازیغە.

ئەو چەند لاپەڕەی بەردەستت چڕكراوەی دەیان كتێب و سەدان وت٧ارە، ویستم كچان و كوڕانی نیشتیمان سوودی لێ ببینن، ببێتە سەرەتایەك بۆ خۆ ناسین و خەڵك ناسین، تا هیچیتر چەواشە نەكرێین بە بانگەوازی چەواشەكاران لە ژێر پەردەی عاتیفی دینیدا.

هیوادارم سوودی هەبێت

First Edition:
October 2018